# کۆمەڵکوژیی دۆڵی زیلان.. رەزا شوان

www.peshemregekan.com

دەوڵەتی عوسمانی ئیمپریالیزمی رەگەزپەرست، مێژوویەکی رەش و خوێناوی پڕ لە تاوانی هەیە. بە دەیان رەشەکوژی و کۆمەڵکوژییان، لە گەلانی، ئەرمەنی، یۆنانی، کوردی، سووری، سعوودی، میسری و ئاشووری، کردوە. هەر لەبەر ئەوەی کە تورک نەبوون یان ئاینێکی تریان هەبوو. یان ملەکەچی دەوڵەتی عوسمانیی داگیرکەر نەبوون و بەرگرییان لە مانەوەیان و لە ناسنامەی نەتەوەییان کرد. لەوانە: ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان لە (٢٤/ نیسان/ ١٩١٥) دا، کە بە چەند ناوێک ناودەبرێت، بە (دۆزەخی ئەرمەنییەکان) و (قەسبخانەی ئەرمەنییەکان) و (تاوانی گەورە). کە سوپای نامەردی عوسمانییەکان، بە دڕندەترین شێوە زیاتر لە (ملێون و نیوێک) ئەرمەنییان کوشت. سەربازانی بێڕەوشت و نامەردی عوسمانییەکان، بە بەرچاوی مێرد و باوک و کوڕ و براوە، دەستدرێژیان دەکردە سەر کچان و ژنانی ئەرمەنی و لاقەیان دەکردن، تانەت لاقەی کچانی تەمەن نۆ ساڵانیشیان دەکرد. دواتر رووتیانیان دەکردنەوە و لە سێدارەیان دەدان، یا بە شمشێر سەریان دەپەڕاندن. لە دوایشدا هەموو پیاوەکان و کوڕەکانیان و تەنانەت منداڵانی کۆرپەشیان دەکوشت یان بە شمشێر لە ملیان دەدان. ئەم تاوانانەی عوسمانییەکان هەڵبەستراو نین، بەڵکو بە وێنە و بەڵگە و بە قسەی شایەتحاڵانی رزگاربووی ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان تۆمارکراون.

لە ساڵی (١٩٢٣) دا، کە لەلایەن مستەفا کەمال (ئەتاتورک)ی گۆڕبەگۆڕەوە کۆماری تورکیا راگەیاندرا. کەمالییە تۆرانییەکانیش کە میراتگری عوسمانییەکانن. نکوڵیان لە ناسنامەی کورد کرد و سیاسەتی تورکاندنیان جێبەجێ کرد. ناوی (کورد) و (کوردستان) و (زمانی کوردی) و (قسەکردن بە کوردی) و لەبەرکردنی (جلوبەرگی کوردی) و (گۆرانی و فۆلکلۆری) و (ناوی کوردی لە منداڵان) ی کوردییان، بە یاسا و بە فەرمی قەدەغەیان کرد و سزای بەندکردنیان بۆ سەرپێچیکاران دانا. بۆ نموونە و بۆ پێکەنین، لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی رابردوو، نووسەری

ناسراوی شەهیدمان (موسا عەنتەر) لە باکووری کوردستان، رۆژێک لە بازاردا پۆلسی تورکیا دەیگرن. دەڵێت: بۆچی دەمگرن و تاوانم چییە؟! پۆلیسەکان دەڵێن: گوێمان لێتبوو، کە بە کوردی فیکەت لێدەدا!".

تا ساڵی (١٩٤٦) باری نائاسایی لە ناوچە کوردنشینەکاندا راگەیاندرا و لەژێر یاسای سەربازیدا مایەوە. قێزەوەنترین رەوشت و لووتکەی رەگەزپەرستییان ئەوەیە، کە لە دەستووری تورکیادا کوردیان بە (تورکی شاخستانی) ناوبردووە و پۆلێنیان کردووە.

بەڵام هەرگیز کورد چۆکی بۆ حکومەتەکانی تۆرانیی رەگەزپەرست دانەداوە و دانادات. سەرسەختانە و مەردانە بەرگریی لە بوون و لە ناسنامەی نەتەوەیی کردووە و دەکات. قوربانییەکی زۆر زۆری لەم پێناوەدا داوە. ئەستەمە دەست لە خەبات بۆ رزاگاری کوردستان هەڵبگرێن.

لە دوای سەرکوتکردنی (شۆڕشی دیاربەکر ـ ١٩٢٥ـ بە سەرۆکایەتی شێخ سەعیدی پیران)، دوای لە سێدارەدانی شێخ سەعید و کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی. سوپای تورکیا دەستیان بە گرتن و بە راگواستنەوەی زۆرەملێی کوردانی ناوچەکە کرد، بە پێی پەتی و بە سەری رووتی، بە برسێتی و توێنێتی، بۆ رۆژئاوای تورکیا گۆێزرانەوە. بەڵام بەشێکی زۆری کوردی خەڵکی ناوچەکە رەتیان کردەوە. کۆمەڵێک لە فەرماندە و شۆڕشگێڕان کە لە شۆڕشەکەی دیاربەکر بەشدارییان کرد. خۆیان بەدەستەوە نەدا. روویان لە ناوچە دوورەکان و لە چیای ئاگری کرد. بە نهێنی لەو شوێنانەدا مانەوە. تا شۆڕشی ئاگری (ئارارات) دەستیپێکرد، چوونە پاڵ شۆڕش. ئەم شۆڕشە لە ساڵی (١٩٢٧ـ بۆ ـ ١٩٣٠) بە فەرماندەی ژەنەراڵ (ئیحسان نوری پاشا) درێژەی هەبوو. (کۆماری سەربەخۆی کورد) یان دامەزراند، کە پایتەختەکەی شارۆچکەی (بایەزید) بوو. لە نزیکی چیای ئارارات. ئاڵای کوردستانیشیان لەسەر لووتکەی ئارارات هەڵکرد. ئیحسان نوری، بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا. لەم شۆڕشەدا نوێنەرانی هەموو کوردستان بەشدارییان تێیدا کرد. زەبرێکی باشیان لە سوپای تورکیا لە

ناوچەکەدا دا. کەواتە پرسی کورد لە تورکیادا، بۆ زیاتر لە سەد ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە. پرسی کورد، پرسی گەلێکی ماف زەوتکراو و نیشتمان داگیرکراوە.

لە مانگی حوزەیرانی (١٩٣٠) دا، ئەنجوومەنی وەزیرانی تورکیا، بە سەرۆکایەتی (عیسمەت ئینۆنۆ) سەرۆکوەزیرانی تورکیا. بڕیاری ژمارە (٨٦٩٢) یان دەرکرد. ئەم بڕیارە بە هەمو شێوەیەک رەوایی و رێگە بە کوشتنی هەر کوردێک داوە. بە کوشتنی کوردیش، هیچ کوردکوژێک تاوانبار ناکرێت. ئەمە دەقی بڕیارەکەیە: "کوشتنی کورد یان ئەنجامدانی هەر کردەوەیەک بەرامبەر بە تاک یان بە کۆمەڵ لە ماوەی (٢٠/ حوزەیران/ ١٩٣٠ - تا - ١٠/ کانوونی دووەم/ ١٩٣٠)، لە لایەن نوێنەرانی دەوڵەت و میلیشیاکان، یان هەرکەسێکی مەدەنی لە کاتی بەدواداچون و سەرکوتکردنی یاخیبوونی ئارارات، بە تاوان هەژمار ناکرێت".

تورکیا سوپایەکی زەبەلاحی ئامادەکرد، کە دوو هێندەی ئەو سوپایە بو کە هێرشی کردە سەر یۆنان. بریتی بو لە فەیلەقی (٧ و ٩) بە فەرماندەی لیوا (ساڵح ئۆمۆرتاک). ناوی ئەم ئۆپەراسیۆنەیان نا "پاککردنەوە". مەخابین کە بە دەیان خۆفرۆش و جاش و چاوساغ و کڵاوسووری کورد، رۆڵێکی ناپاکی گەورەیان هەبوو. رێنیشاندەری سوپای تورکیا بوون. بێجگە لە تانک و تۆپ (٨٠) فرۆکەی جەنگیش، بە رۆژ و بە شەو، بە بۆمبی سوتێنەر و ژەهراوی چیای ئاگری و گوندەکانیان ناوچەکەیان بە چڕی بۆردومان دەکرد. بە سەدان کوردی سڤیلیان شەهیدکرد.

ئەتاتورک و حەمەرەزا شای گۆڕبەگۆڕی شای ئێران، لە سەر گۆڕینەوەی بەشێک لە چیای ئارارات و خاکی وانی کوردستانی رێکەوتن. سوپای ئێرانیش چووە پاڵ سوپای تورکیا و پشتەوەیان لە شەرڤانان گرت. یەکێتی سۆڤیەتیش پاڵپشتی و هاوکاریی خۆی بۆ سوپای تورکیا دەربڕی. دۆشکە و شەستیری بۆیان نارد و دڵنیاشی کردنەوە کە چەکی دۆشکەیان بۆ دابین دەکەن. فرۆکەکانی بەریتانیاش بەشدارییان لە بۆردمانکردنی ناوچە کوردییەکاندا کرد.

ئۆپەراسیۆنی پاککردنەوە، پێش وەرزی دروێنە، لە هەفتەی کۆتایی مانگی حوزەیرانی ١٩٣٠ دەستیپێکرد. لە زۆر سەرچاوەدا، لە ٨ی تەمووزی ١٩٣٠ دەستیپێکردوە. هەر کوردێکییان بدیایە، یەکسەر دەیانکوشت. هەموو گوندەکانی ناوچەکەیان تاڵانکردن و سووتاندیانن. ئاگریان لە دەخڵودان و لە دارستان بەردا. سوپای تورکیا لە کوردستانی باکووردا، سیاسەتی زەویی سووتماکیان جێبەجێ کرد.

دوای چەندین هێرش، کە بە دەیان سەربازیان لێکوژرا، بە هۆی هێزی نابەرامبەری و نەمانی فیشەک و ناپاکیی هەندێک لە کوردان، کە چوونە پاڵ دەوڵەتی تورکیا. شۆرشی ئاگری سەرکوتکرا. (٢٤) لە سەرکردەکانی شۆڕشیان لە سێدارە دان.

بەڵام سوپای دڕندەی تورکیا، بە دامرکاندنی شۆڕشی ئاگری و بە کۆنترۆڵکردنی دوخەکەوە نەوەستان. ئۆپەراسیۆنێکی سەرتاسەری پاکتاوی رەگەزیی بەرامبەر بە گەلی کوردمان لە باکووری کوردستان دەستپێکرد، بە تایبەتیش لە ناوچەی (سەرحەد) کە هەریەک لە پارێزگاکانی وان و ئاگری و موش و بینگۆل و قارس و ئەرزرومی لەخۆگرتووە، ببوە گۆرەپانی رەشەکوژی و کۆمەڵکوژیی کورد. زیاتر لە (٨٠٠٠) گوندی ناوچەکەیان تاڵان کرد و خانووەکانیان سووتاندن. ژمارەیەکی زۆری ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەیان، لەناو خانووەکانیاندا سوتاندیانن. زیاتر لە ( ١٠) هەزار کەسیان کوشت. (١٥٠٠) منداڵ و ژنی کوردیان، لە چاڵێکدا بەستنەوە و ئاگریان تێبەردان و سوتاندیانن. بە سەدان منداڵ و ژنیان هەڵدانە ناو روبارەکان و خنکان، بە دەیان ژن و منداڵیان لەسەر چیاکانەوە هەڵیان دانە خوارە و مردن. دەستدرێژییان بۆ سەر کچان و ژنان کرد. زۆرێک لە کچان و ژنان لە سەربانی خانووەکانیانەوە یان لەسەر گرد و چیاکانەوە، لە ترسی دەستدرێژی سەربازانی تورکیا خۆیان هەڵدایە خوارەوە و شەهیدبوون. پیاوەکانیشیان بەستن بەیەکەوە و گولەبارانیان کردن. بە زیندوویش پێستی سەری کۆمەڵێک لاوی کوردیان کەوڵ کرد. بکوژی کورد (ئەحمەد دەروێش ئالبای) کە فەرماندەیەکی سوپای تورکیا بوو، وتی:"نرخی فیشەک زۆرە، ژن و منداڵەکانیان بە فیشەک مەکوژن، بەڵکو بە قوناغی چەکەکانتان بیانکوژن یان بە قەمەی چەکەکانتان سکیان هەڵدڕن".

## کۆمەڵکوژیی دۆڵی زیلان:

(دۆڵی زیلان) کە دواتر کورد ناوی لێنا (دۆڵی خوێن) دەکەوێتە نێوان چیاکانی ئارارات و تەندورەک، لە باکووری شاری (ئەرتیش) ی سەر بە پارێزگای وان لە باکووری کوردستان. دۆڵی جوانی زیلان (٢٠) کیلۆمەتر، لە شاری وانەوە دوورە. هاوینەهەواری دۆڵی زیلان، بەهەشتێکە بۆ دانیشتوانی ناوچەکە. سێ رووباری قەشەنگ و جوان دەژێنەو ناو رووباری زیلان.

دوای ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە خێزانە کوردەکانی ناوچەکە، لە ژن و منداڵ و لاو و پیر، دوای ئەوەی کە ماڵەکانیان تالان کرا و گوندەکانیان سوتێندران و گەمارۆی ئابووری خرایە سەر ناوچەکەیان. لە ترسی بۆردومانی فرۆکە و تۆپاران و لە ترسی دەستدرێژی و گرتن و رەشەکوژی، روویان لە ناوچەی ئەرتیش لە کەناری باکووری دەریاچە وان - گەورەترین دەریاچەی کوردستان - و لە دۆڵی زیلان کرد.

بەڵام ناوچەکە بە هەزاران سەرباز و میلیشا گەمارۆ درابوو، ببوو بە ناوچەیەکی داخراوی سەربازی و هەموو رێگاکان و دەروازەکانی هاتنەژوورەوە و دەرچوون گیرابوون، لە کورد قەدەغەکرابوون. وەک دەڵێن"ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرام کرابوو".

ئێران و عێراق و سووریاش، هاوکاری تورکیایان کرد. بەشێک لە شەرڤانان، لە دوای شکستهێنانی شۆڕشی ئاگری، روویان لەو شوێنانەی کوردستان کرد. بەڵام ئەو سێ دەوڵەتە گرتیانیان و رادەستی تورکیایان کردن. هەموویانیان لە سێدارە دان.

لە رۆژی (١٣/ تەمووزی/١٩٣٠) دا، سوپای دڕندەی تورکیا، ئەو خێزانە بێدەرتان و سڤیلانەی کە روویان لەو ناوچەیە و لە دۆڵی زیلان کردبوون. گەمارۆیان دان و هەموویانیان گرتن. بە هەزاران منداڵ و ژن و لاو و بەساڵاچوانی کوردیان، هەڵدانە ناو ئاوی رووباری دولی زیلان. ئینجا لە هەموو لایەکەوە بە بۆمب و بە دۆشکە و شەستیر گولەبارانیان کردن. هاواری ژنان و زیرەی منداڵان دەگەیشتنە عەرشی ئاسمان. کەسیان لێدەرنەچوو، هەموویان شەهیدبوون. ئاوی رووباری دۆڵی زیلان و چەم و کانی و جۆگەلەکانی پڕببوون لە خوێن و بە بەخوێنی ئەو شەهیدە بێتاوانانە سوور ببوون. (دۆڵی زیلان) بو بە (دۆڵی خوێن).

(٢٢٠) گوندی دۆڵی زیـلانیان سووتانـد، خێزانـێکی زۆریـان لەنـاو خانـووەکانیان سووتاندن. مـاڵ و مـەڕ و ماڵاتیشیان بە تـاڵانی بـردن.

(عوسمان ئیلیری) شایەتحاڵـێکی رزگاربـووی کۆمەڵکـوژیی دۆڵی زیـلان، دەڵـێت: "سەربازەکانیان لەنێوان خۆیانـدا، گرەویـان لەسـەر رەگـەزی کۆرپـەلەی لـەدایک نەبووی ناو سکی ـ ژنی دوگیان ـ دەکرد، سکی دایکیان هەڵدەدڕی تەنها بۆ ئەوەی بزانن کورە یا کچە".

(کاکیل ئـەردەم) کە لـە ساڵی (٢٠٠٧) دا، تەمـەنی (٩٤) سـاڵ بـوو، یەکـێکی تـرە لـە شـایەتحاڵە زینـدووەکانی کۆمـەڵکوژیی دۆڵی زیـلان، کـە لـەناو تـەرمی کوژراوکانـدا خـۆی درێژکردبـوو و رزگـاری بـوو، بـۆ دو رۆژنامەنووسـی تـورکی گێڕایـەوە و وتی:"سـی و پێـنج کـەس لـە کەسـوکاری کـوژران. سـەربازەکان سکی ژنێکی دوو گـیانیان هـەڵـدڕی. لەبـەردەم چـاویـدا بـە زینـدووی، پێـستی سـەری سێ کەسـیان لێکردەوە. دوو بـراشی لێیانـدان تـا مـردن". ئـەو دوو رۆژنامەنووسـە تورکـەی کـە دیمانەیان لەگەڵ کاکیل کرد، بە بڕیاری دادگای تورکیا، هـەریەکەیـان شـەش مـانـگ بەندکران.

لە گونـدی (گەرماوا ئەدمان) یشدا، کە گونـدێکی دۆڵی زیلانە، سەربازانی بێڕەوشتی تـورک ویستیان دەستدرێژی بکەنە سـەر ژنێکی کورد. بەڵام خـەڵکی گونـدەکە، بـە هـەموویانەوە پەلاماری سەربازەکانیان دا و بە دەیان سەربازیان کوشت. خـەڵکی گونـدەکەش ئاوارە بوون. تاوانی وا لە کوێی جیهانـدا روویان داوە؟ ئـەمەیە راستیی بێڕەوشتی و نامـەردی، قـارداشی تـورکی مـوسـوڵمان.

(نێلسۆن ماندێلا) دەڵێت"گەر دەتەوێت تـورک بناسیت بۆ یەک رۆژ ببـە بە کـورد".

رۆژنامـەی (جمهـوریەت) کە سـەربە رژێـمی تورکیایـە، لـە (١٣/ تـەمووز/١٩٣٠) دا، شانازی بە کۆمەڵکوژییەکەی دۆڵی زیلانی کرد، بـە ناونیشانێکی گەورە، باس لـەم تاوانەی سوپای تورکیا دەکات، نووسیبوی:"ئۆپەراسیۆنی پاککردنەوە دەستیپێکردوە، هەموو ئەو کەسانەی لە دۆڵی زیلان بوون لەناوچوون و کەسیان رزگاری نەبوو".

به گوتەی پەیامنێرەکەیان (١٥) هەزار کەس کوژراون و رووباری زیلان تا لێواری پڕبووە لە تەرمی کورد.

بەرپرسێکی حکومەتی تورکیا بە فەرمی ڕاگەیاند، کە ژمارەی کوژراوانی دۆڵی زیلان گەیشتوونەتە (٤٧) هەزار کەس. بەڵام مێژوونووسان و شایەتحاڵەکان پێیانوایە کە ژمارەی کۆمەڵکوژییەکەی دۆڵی زیلان، زیاتر لە (٨٠) هەزار کەسە. بە هەزاران کوردی گوندنشین و شارۆچکەکانی ناوچەی سەرحەدیان، بە زۆرەملێ ڕایانگواستنەوە بۆ ڕۆژئاوای تورکیا. تا ئەمڕۆش سیاسەتی تورکاندنی کورد و گۆڕینی دیموگرافیای ناوچە کوردستانییەکان درێژەی هەیە.

کۆمەڵکوژیی زیلان، یەکێکە لە نموونە هەرە قێزەوەنەکانی سیاسەتی سیستماتێکی لەناوبردن و ئینکاری دژی گەلی کوردمان. هەڵمەتێک بوو بۆ قڕکردنی تەواوی گەلی کورد ئەنجامدرا. یەکێکە لە کۆمەڵکوژییە سامناک و دڕندەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئەم تاوان و تراژیدییە بێوێنەیە، بە بەرچاوی جیهانەوە ئەنجامدرا، بە داخەوە هیچ وڵاتێک سەرکۆنەی ئەم تاوانەیان نەکرد. وەزاراتی دەرەوەی بەریتانیا بە سەرکەوتنی گەورەی سوپای تورکیای ناوی برد.

حکومەتی تورکیا لە ساڵی (١٩٣٠- هەتا - ١٩٥٣) ناوچەی دولی زیلانی لە کوردان قەدەغەکرد. تا ئەمڕۆش ڕێگە بە لێکوڵینەوە نادات کە لەسەر کۆمەڵکوژی دۆڵی زیلان بکرێت و تاوانەکانی ئاشکرابکرێن. حکومەتی تورکیا، نە دان بە ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان و نە دان بە کۆمەڵکوژیی دۆڵی زیلاندا نانێت. بەڵام ئەم دوو تاوانە تاهەتایە، دو پەڵەی ڕەشی قێزەوەنن بە ناوچەوانی تۆرانییە ڕەگەزپەرستەکانەوە. گەرچی هەموو ناوچەوانیان پەڵەی ڕەش و قێزەوەنن.

لە ساڵی (١٩٨٠) دا، حکومەتی تورکیا، ئەو کەسانەی کە لە ئەفغانستان و لە قیرغیزستانەوە هێنابوویان، جگە لەوەی کەمپینێکی گەورەی لە دۆڵی زیلان بۆیان دروستکرد و بەشێکی زۆریشیانی لە گوندەکانی دۆڵی زیلان نیشتەجێیانی کرد. زەوی و زاری کوردی بە سەریاندا دابەشکرد، مانگا و مەڕ و بزن و تراکتۆری دانێ بۆ ئەوەی بە هەمیشەیی لەوێدا بمێننەوە. تا ئەمڕۆش ئەم نامۆیانە لەوێدا ماونەتەوە. تورکیا هەر لە دۆڵی زیلاندا، وێستگەی کارەبا و چەند کارگەیەکی

دروستکرد، بە مەبەستی ونکردنی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی کۆمەڵکوژیی دۆڵی زیلان. لە ساڵی (١٩٩٢) دا، بەربەستی (کۆجۆبرۆ) یان لەسەر رووبای زیلان لە شاری ئەرتیش دروستکرد. بەشێکی زۆری گۆڕەکانئ دۆڵی زیلان، ژێر ئاو کەوتن. مەبەستی تورکیاش، پەردەپۆشکردنی تاوانی کۆمەڵکوژیی دۆڵی زیلانە.

لە ئێستادا فیلمێکی دیکۆمێنتاری بە کوردی بەرهەمهێنراوە بە ناوی (دۆڵی خوێن) کە لە بەرهەمێنانی (سەعادە ئۆڵغنۆ) یە. کە باس لە کۆمەڵکوژیی زیلان دەکات.

سوپای دڕندەی تورکیا بە کۆمەڵکوژیی دۆڵی زیلان، دەستیان لە تاوانەکانی دژ بە کورد هەڵنەگرت، چەندین کۆمەڵکوریی تریان ئەنجام دا. گەورەترینیان رەشەکوژی و (کۆمەڵکوژیی دێرسیم) ە.

دوای شکستیهێنانی (شۆڕشی دێرسیم)، لە ساڵی (١٩٣٦- ١٩٣٧) بە رابەرێتی (سەید رەزای دێرسیم) سوپای تورکیای رەگەزپەرست ، بە تۆپباران و بۆردومانی فرۆکەی جەنگی، کۆمەڵکوژی و رەشەکوژییەکی تریان لە گەلی کوردمان کرد. کە بە (قەسابخانەی دێریسیم) ناودەبرێت. سەرجەم زیاتر لە (٩٠) هەزار منداڵ و ژن و لاو و پیاوانی بێتاوانی کوردیان کوشت. کوردکوشتنیان بە ڕەوا دەزانی. بە هەزاران دۆنم دار و دارستانیان سووتاند، بە سەدان گوندی کوردیان تاڵانکرد و وێرانیان کردن. بەڵام تورکیا تەنها دانی بە کوشتنی (٣٠) هەزار کوردا لە دێرسیم دا ناوە. تورکیا ناوی شاری (دێرسیم) یشی گۆڕی بە (تونجەلی). بەڵام کورد هەر بە دێرسیم ناوی دەبات. دێرسیم هێمای راپەڕین و بەرگرییە.

پێشتر نوسینێکم دەربارەی شۆڕشی دێرسیم نوسی و بڵاومکردەوە. بۆیە لەم نوسینەمدا، درێژە بە کۆمەڵکوژیی دێرسیم نادەم. تەنها ئاماژەم پێیدا.

هەرگیز برینەکانی کۆمەڵکوژیی دۆڵی زیلان و قەسبخانەکەی دێرسیم و کیمیابارانی هەڵەبجە و شوێنەکانی تر و زیندەبەچاڵکردنی (١٨٢) هەزارکورد لە شاڵاوەکانی ئەنفالی بەدناو و کوشتنی (٨) هەزار بارزانی و (١٠) هەزار لاوی فەیلی کورد، کە بە زۆری لە حەوزی تیزابدا تواندیاننەوە. کۆمەڵکوژیی خوشک و برایانی ئێزیدیمان لە شەنگال، کە زیاتر لە (٥٠٠٠) هەزار ئێزیدی شەهید کران، زۆربەیان

منداڵ و ژنانن. لە سێدارەدانی بە دەیان لاوی کوڕ و کچی کوردمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەلایەن کۆماری پەت و سیدارەی ئیسلامییەوە. شەهیدکردنی بە دەیان منداڵ و ژنی سڤیلی کوردمان لە ڕۆژئاوای کوردستان، بە بۆمبی فسفۆری و بۆ بۆمبی بۆڵییەوە، لەلایەن تورکیای ڕەگەزپەرستەوە. ئەستە کە بتوانین، ئەم تاوانانە و بە دەیان تاوانی تری داگیرکەرانی کوردستان لە یادبکەین. برینە بە سوێیەکانی ئەم تاوانـــە قێزەوەنانـــە، نـــە سارێژدەبـــن و نـــە لـــە بیرمـــان دەچـــنەوە.

(*) : تا ڕادەیەک سوودم لە چەندین ماڵپەڕی ئینگلیزی و کوردی وەرگرتووە.

دوبەی: ٢٠٢٦



دیمەنێکی دۆڵی زیلان



**لقێکی روباری زیلان**




Geliyê Zîlan
13/7/1930
DARKA MAZI NET



کاسەسەری شەهیدێکی دۆڵی زیلان



**کاسەسەرێکی شەهیدێکی دۆڵی زیلان**




**کۆمەڵێک لە ژن و منداڵانی کورد ـ زیلان، پێش شەهیدکردنیان**



به یەکەوە بەستنەوەی چەند گوندنشینێکی ـ دۆڵی زیلان
گولەبارانکردنیان




**کۆمەڵێک لە شەهیدانی دۆڵی زیلان (دۆڵی خوێن) کۆمەڵکوژی دۆڵی زیلان ـ ١٣/ تەموز/ ١٩٣٠**



**وێنەی ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا، فەرماندەی گشتیی شۆڕشی ئاگری**



چیای ئاگری (ئارارات) بەرزترین چیای کوردستان ، بارەگای حکومەتی سەربەخۆی کورد (١٩٢٧ - ١٩٣٠)



**وێنەیەک لە ژن و لاوانی گوندێکی دێرسیم ، پێش کوشتنیان ـ ١٩٣٧**



**دێرسیم ـ سەربڕینی کوردێک لەلایەن سوپای دڕندەی تورکیاوە**



**کۆمەڵێک لە کۆڕەوەکەی خوشک و برایانی ئێزیدیمان**
**کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان لە (٣/ ئاب/ ٢٠١٤)**




**وێنەیەک لە کۆمەڵکوژیی دۆڵی زیلان (دۆڵی خوێن)**

www.peshmergekan.com